**ئەوەش بەدیل**

کاك جەلالی سام ئاغا پیاوێك لە پاكی بۆ سەرۆكی هەرێم...

ئەمرۆ كوردستان پێویستی بە كەسێكی وەك كاك جەلال هەیە بۆ بوونە سەرۆكی هەرێم.

لە ساڵی 2002 تاكو ساڵی 2010 سەرۆكی چاودێری دارایی بوە لە سلێمانی،لە ماوەی كاركردنی نزیكەی نـاو و دۆسـییـەی ( ٨٦ ) كـەس و ( ٢٧٢٥ ) ڕاپۆرت ڕادەستی داواكاری گشتی هەرێم دەكات ، كە هەتا ئێستا تەنها چوار دۆسییە جوڵێنراون و دەسەڵاتیش ، كە پشكی شێری لە گەندەڵیدا هەیە ( ٨٢ )دۆسێیەی لیێ سڕ و فەرامۆشكردووە ، كە سەدان ملیۆن دۆلاری دزراو و هەزاران پارچە زەوی و موڵك و ماڵی گشتیی تاڵانكراویان گرتوتە خۆیان.

نامەی دەست لە كاركێشانەوە بۆ جەلال تاڵەبانی سەرۆک كۆمار و سەرجەم ئەندامانی مەكتەبی سیاسی یەكێتی دەنێرێت و تێیدا دەڵێت : ( شەرەفمەندنیم بە وەزیفەكەتان ، چونكە من جسمێكی غەریبم لە نێوانتاندا )

ئەوەی شایانی باسە كاك جەلال لە دەرخستنی گەندەڵییدا خزمەتێكی زۆر گەورەی كردووە ، بە جۆرێک ناو و ناوبانگی سنوری كوردستانی بڕیوە و گەیشتۆتە دەرەوەی وڵاتیش ، ئەوەتا لە لایەن یەكێتی ئابوری ناسان و كارگێریی ناسانی دەوڵەتەكانی ئەوروپاوە ڕێزی لێنراوە و پاداشتی ساڵانەی لە بواری دەستپاكیدا پیێ بەخشراوە و وەک كەسایەتی ساڵیش دەستنیشانكراوە ، سەرباری ئەمانەش ڕۆڵی گرنگی كاک جەلالی عومەری سام ئاغا هەر ئەوە نییە ڕووبەڕووی گەندڵكارە زلحۆرتەكان بۆتەوە و پەردەی لەسەر ڕوو لابردوون ، بەڵكو دەیان هەڵویستی دڵسۆزانەی هەیە ، كە دەكرێت لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێكیان بكەم :

١ ـ خانووەكەی یەكێكە لە خانووە جوان و دڵگیرەكانی گردی سەرچناری سلێمانی ، كە لە كاتی خۆیدا بە بڕی ( ٧٠٠ هەزار ) دۆلار خەمڵێنراوە ، بێ بەرامبەر بەخشیویەتی بە وەزارەتی تەندروستی تا دوای خۆی بكرێت بە بنكەیەكی تەندروستی و خزمەتی هاوڵاتیان بكات و لە ساڵی ٢٠٠٢ وە تاپۆی ئەو خانووە خراوەتە سەر وەزارەتی ناوبراو .

٢ ـ لە ناوچەی ئابڵاخ خاوەنی زەوییەک بووە و فرۆشتویەتی و پارەكەی لە بانقدا بە ناوی دەزگای چاودێرییەوە داناوە و ساڵانە سودەكەی وەک ڕێزلێنان پێشكەشی فەرمانبەرانی سەركەوتو و چەند خانمێكی سەلاری دیوانی چاودێری دەكرێت .

٣ – پێشنیار بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كردووە ، كە مانگانە موچەی خانەنشینییەكەی ببەخشرێت بە دەزگای شەهیدان و كەمئەندامان .

## جەلالی سام ئاغا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم دەست نیشان ئەکرێت

14:23:54 2016/21/11 پێنوسەکان

تایبەت بە پێنوسەکان



لەناوەندە سیاسیی و میدیاییەکاندا، قسە لەسەر دیاریکردنی چەند کەسایەتیەکی بێلایەن ئەکرێت تا پۆستەکەی بارزانی بەڕێوە ببات، ئەمەش لەدوای پەیامەکەی بارزانی کە داوایکردبو، کەسێک دیاری بکەن بۆ شوێنەکەی، تا هەڵبژاردن ئەکرێت، دیارترین ئەو کاراکتەرانەش کە ناویان دێت سەرۆکی پێشوی دیوانی چاودێریی دارایی سولەیمانی " جەلالی عومەری سام ئاغا"یە. کە پێشوتریش لەلایەن "نەوشیروان موستەفا" ەوە ڕاسپێردرابو وەزارەتی دارایی هەرێم وەربگرێت.
سام ئاغا لەساڵی (٢٠٠٢ ەوە بۆ ٢٠١٠) سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی بوە، لەماوەی کارکردنیدا (٢٧٥٠) ڕاپۆرتی سەبارەت بەگەندەڵی بەرپرسان و دامودەستگەکانی هەرێم داوە بەداواکاری گشتی و، کۆتا جاریش لەبەر لێ نەپرسینەوە لەڕاپۆرتەکانی دیوان دەستی لەکارکێشایەوەو، لەنامەی ماڵئاواییەکەیدا نووسیویەتی " شەرەفمەند نیم بە وەزیفەکەتان، چونکە من جسمێکی غەریبم لەناوتانا". ناوبراو جگە لەناوەندە کوردییەکان، ناوبانگی گەیشتە سنورەکانی دەرەوەی کوردستان و لەلایەن یەکێتی ئابوری ناسان و کارگێریی ناسانی جیهانەوە ڕێزی لێنراوەو، پاداشتی ساڵانەی پێبەخشراوە.
"بەهرۆز جەعفەر" کەسایەتی نزیک لە جەلالی سام ئاغا ڕایگەیاند " من بەناوی کاک جەلالەوە دڵنیایی ئەدەم کە جارێکی تر ئەو ناگەڕێتەوە بۆ وەزیفە، ڕاستە پێشوتر چەندین جار لەلایەن بەڕێز مەسعود بارزانیەوە داوای لێکراوە بگەڕێتەوە سەر کار و یارمەتیدەریان بێت لەم دۆخەی ئێستای هەرێمدا، هەروەها پێشوتریش لەلایەن جەنابی مام جەلال و کاک نەوشیروانەوە بۆ زۆر کاری هاوشێوە تەکلیف کراوە کە خزمەت بکات، بەڵام کاک جەلال تەنها ناوبانگ و کەسایەتیەکی گەورەی بێلایەنەو جارێکی تر هیچ وەزیفەیەک وەرناگرێت."
بەهرۆز جەعفەر، ڕۆژنامەوان و توێژەری سیاسی و، نزیک لە سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێریی و ڕاپۆرتەکانی، ئەوەشی گوت" جەلالی سام ئاغا، ئەوەی هەیبو بەخشی، لەتواناو بوێرییەکانی، لە بەگژاچونەوەی گەندەڵی، پێش دروستبونی ئۆپۆزسیۆن ئەو ڕچەشکێن بو لە بەرەنگاربونەوەی ئەوانەی سامانی هەرێم بەفیرۆ ئەدەن .
ناوبراو وتیشی : تەنانەت کاک جەلال ئەو موڵکانەی هی خۆشی بوون، خانوەکەی بەناو وەزارەتی

تەندروستیەوە کردووە لە گردی سەرچنار، کە لەسەرەتای هەشتاکاندا بونیادی ناوە، زەوییەکی خۆیان فرۆشتویەتی و لەبانک پارەکەی داناوەو ساڵانە وەک خەڵات قازانجەکەی ئەدرێت بە کارمەندە بەتواناکانی دیوانی چاودێریی دارایی، جگە لە سەدان هەڵوێست و کاری جوانی تر.

november 2016 23

نووسینی: حەکیم کاکەوەیس

**سەرۆکایەتی هەرێم و ...**

١- سەرۆکی داهاتووی هەرێم، هەر کەسێ بێ، هەر دەبێ گوێڕایەڵی حیزبەکان و ڕێکەوتننامە و دەستووری حیزبەکان بێ، چونکە نە دارایی وڵاتی لە بەر دەستدا دەبێ، نە لەشکری حیزبەکانیشی لە پشت دەبێ. ئیدی یا دەبێ خۆی عیبرەت بکات و وەک قەرەقۆز هەڵسوڕێ تا دوای ماوەیەک، ئەویش دەبێ بە ملیاردێرێکی تر و کڕ دەبێ، یا ئەوەی خۆی دەپاڵێوێ سەر بە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە بێ کە بەوەش هیچ ناگۆڕێ!. کەواتە چارەسەر ئەوە نییە کەسێ خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەریم، یا بۆ سەرۆکایەتی حکوومەت هەڵبژێرێ، بەڵکو ئەوەیە بە یاسای گردەبڕ داهاتی وڵات (بە نەوتیشەوە) بخرێتە بەر دەستی پەرلەمانێکی شەرعییەوە تا بە پێی پلانی نیشتیمانپەروەرانە ڕەفتاری پێوە بکات و لەشکریش بە فلتەری پەرلەماندا بخرێتە ژێر فەرمانی سەرۆکی هەرێم، یا سەرۆکی حکوومەت، جا ئەو دووە، هەر کەس دەبن با ببن. بەوەش سامان و لەشکر لە بن دەستی سەرۆک و سکرتێر و مەکتەبی سیاسی حیزبەکان دەردەچن. دەی جا کام حیزبی سەر بە دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان بەوە ڕازی دەبێ؟. بە دڵنیاییەوە، نە پارتی بەوە ڕازی دەبێ نە یەکێتی و تەنانەت جێگری سکرتێری یەکێتیش، کە لەشکری تایبەت بە خۆی هەیە و خاوەنی نیمچە حکوومەتێکە، بەوە ڕازی نابێ. ئیتر کێ دەیەوێ ڕیشی بتاشرێ و ئاوێنە بدرێتە دەستییەوە، با بفەرموێ و خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم یا سەرۆکایەتی حکوومەت بپاڵێوێ!.

٢- کێشەی پاڵێوراوی تازە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکوومەت، لە سەرەتادایە، دوێنێ (٢٠١٦/١١/٢٢) لە هەولێر مەلایەک کە ناوی (د. وشیار ئیسماعیل) بوو، تیرۆر کرا. کێ ناحەزی ئەو پیاوە بوو و بۆچوونەکانی دژی کێ بوون، ئەوە کاری من نییە، بەڵام کاری منە داوا بکەم هەر تاوانێک کە ئەنجام دەدرێ، بە یاسا یەکلایی بکرێتەوە نەک بە دەمداخستن و کوشتن، جا ئەو تیرۆرە، دەستی لایەنێکی دەسەڵاتی تێدابێ یا لایەنی نەیاری دەسەڵات یا نەیاری حیزبەکەی خۆی، جیاوازیی نییە!. ئامانجی من ئەوەیە ماتریالست و پیاوی ئاینی و نەتەوەیی و هی تریش، لە دەربڕینی ڕای خۆیاندا مافی وەک یەکیان هەبێ و ئازاد بن.

گوێم لە هەندێ گوتاری د. وشیار ئیسماعیل گرت، بۆم دەرکەوت بە قەدەر دڵسۆزییەکەی بۆ دینی خۆی، دڵسۆزی نەتەوە و نیشتیمانەکەشێتی. کەواتە ئەو فیشەکەی ئەوی کوشت، ئامانجی منیشی بریندار کرد.

ڕەنگە ئەوە هۆکاری سەرەکیی کوشتنی ئەو مرۆڤە بووبێ... دیارە نابێ کەس دڵسۆزی نیشتیمان و نەتەوە بێ!... ڕۆژ ڕۆژی شتی ترە!.

لەگەڵ تیرۆرکردنی ئەو مەلایەدا، بیرم بۆ ئەوە چوو بڵێم: "چاکی مەکەن با خراپ نەبێ!". مادام لە هەولێر پارتی دیموکرات باڵادەستە، خوێنی ئەو مرۆڤە لە ئەستۆی دەزگاکانی ئەواندایە و پێویستە زوو، بێ ئەوەی کۆمیتەی دۆزینەوە یا بزرکردنی تاوانی بۆ دابندرێ و کەسێکی باڵادەستی حکوومەت خەڵکانی تر ڕاسپێرێ، پۆلیس و ئاسایش ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن و بکوژەکەی بدۆزنەوە، ئەگەر بکوژەکە هەر کەس و لایەنێ بێ!. کە دەبینین لە سنووری دەسەڵاتی پارتیدا سەر و برۆ دەتاشرێن و لە سەر فوول لایتێک گەنجی کورد دەکوژرێ، بمانەوێ یا نەمانەوێ، گومان دەچێتە سەر دەزگاکانی دەسەڵاتدارانی هەولێر. خۆ ئەگەر ئەو دەزگایانەیش بێ منەتن، ئەوە هەر ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە کڕ بین و بۆ هەر مردنێک و کوشتنێک و تیرۆرکردنێک و سەر و برۆتاشینێک، لە بەر خۆمانەوە بڵێین: "إنا لله وإنا اليه راجعون... حسبي الله ونعم الوكيل!". واتە بە کورتییەکەی: هەواڵەی خوا بن!.